# شیعرەكانی (دلاوەر قەرەداغی) لەژێر چەتری وێنەدا

**ID No. 3834**

(PP 1 - 15)

https://doi.org/10.21271/zjhs.25.2.1

**حسین غازی كاك امین**

بەشی زمانی كوردی- كۆلێژی پەروەدە / زانكۆی سەڵاحەدین-هەولێر

Hussein.kakamin@su.edu.krd

**وەگـــــــرتن : 2020/11/08**

**پەسندكردن : 2021/01/04**

**بڵاوكردنەوە : 2021/03/10**

**پوختە**

بە حوكمی ئەوەی شاعیرانی نوێخوازی كوردی خاوەن ئاستێكی ڕۆشنبیری بەرزن خۆیان خاوەن تاقیكردنەوەی ناو واقیعەكەن ڕووداوی تاڵ و شیرینەكانیان لەگەڵ نەتەوەكەیان چەشتووە هەموو ئەو ناخۆشیانەیان بە چاوی خۆیان بینیوە، بۆتە هەوێنێكی باش بۆ قەڵەم ڕەوێنی خۆیان لە بواری شیعری نوێخواز و ئاگاداری هەموو ئەو گۆڕانكاریانەبوون كە لە جیهانی شیعری دەرەوە ڕووی دەدا ئەوانیش جوانیەكی باشیان بە بنیاتی شیعری كوردی دا كە ببێتە جێگای خۆشحاڵی خوێنەر و چێژی لێ وەربگرێت، هەروەها شاعیرانی كورد و قەرەداغی بەتایبەتی توانی خۆی لەژێر چەتری وێنەی شیعریدا لە هەموو جۆرەكانی وێنەی شیعری ئەسپی خۆی تاوبدات بە تایبەتی لە وێنەی تاك و لێكدراو و گشتی و وێنەی چەسپاو و جوڵاو وێنەی بەرێنج هەستەكە دەكەون (بینین، تامكردن، بیستن، بۆنكردن، دەست لێدان) وێنەی هونەری جوانی لێ دروست بكات، خاسیەتێكی تری شاعیر ئەوەبوو كە سروشتی وەكو خۆی نەدەبینی، بەڵكو وەكو ئادەمیزاد مامەڵەی لەگەڵ دەكرد لە وێنەی شیعرییەكانی.

**كلیلی وشەكان:** وێنەی شیعری، كۆپلەی شیعر، شاعیر، هەست، چێژ

## پێشەكی

وێنەی شیعری گرنگترین ڕەگەزی شیعرە لە هەموو شیعرەكان خۆی جێنشین كردووە، وەكو چێشت و خوێ خۆی گونجاندووە واتە ئەگەر هەر شیعرێك وێنەی شیعری لێ دەربهێنی واتە، وەكو گیانێكی مردووی لێ دێت، بۆ ئەوەی ئەو ناخەی شاعیر كە پڕیەتی لە كێشەی كۆمەڵگاكەی كە پەنگی خواردووە لە ناخی بە جوانترین وشە و بیرۆكە دەیانكاتە وێنەیەكی هونەری جوان دەیخاتە سەر كاغەز بەشێوەیەك كە خوێنەر سەرسام بكات بە بیرۆكە و وێنە هونەرییە جوانەكانی هەر شیعرێكیش ئاوێتەی كۆمەڵە وێنەی جوان دەبێت كە بەپێی بینینی شاعیر دەبێت، بۆیە قەرەداغیش یەكێك بووە لەو شاعیرانەی كە لە ناخیدا و ئەوەی بە چاوی خۆی و ئەو بیستبێ كە لەسەردەمەكەیدا ڕوویداوە بە تایبەتی لەسەردەمی ئەو میللەتەكەی زۆر تووشی ناخۆشی و كارەساتی مرۆیی ببوو بۆیە لە وێنەی هونەرییەكانی ڕەنگیان دابوویەوە.

وە زۆر لە لێكۆڵەران توێژینەوەیان لەسەر وێنەی شاعیرانی تر كردبوو منیش بە پێویستم زانی خۆم لەنزیكەوە ئاشنایەتی لەگەڵ شیعرەكانی پەیدا بكەم و لە باخەكەی شیعری ئەودا چەند شیعرێك هەڵبژێرم و جۆری وێنەی هونەرییەكانی شیبكەمەوە.

**سنووری لێكۆڵینەوەكە:** سنووری لێكۆڵینەوەكە لە سەرجەم ئەو شیعرانەیە كە شاعیر لە شەش كۆمەڵە شیعریدا بڵاوی كردبوونەوە.

**ئامانجی لێكۆڵینەوەكە:** خستنەڕوو و بنیاتی وێنەی هونەری شیعری لە شیعرەكانی دلاوەر قەرەداغی دا، هەروەها توانست و توانای شاعیرە لە شیعرەكانی، هەروەها جۆرەكانی وێنەی هونەری و چۆنیەتی بنیات نانیان.

**گیروگرفتی لێكۆڵینەوەكە:** تەنها ئەوەبوو لێكۆڵینەوەكە لەسەردەمێكی ناخۆش نووسیم ئەویش سەرهەڵدانی پەتایی كۆرۆنابوو ڕەنگە نەمر توانیبێ سەرچاوەی زیاتر و باشتر بخەمەڕوو لەسەر بابەتەكە.

**میتۆدی لێكۆڵینەوەكە:** لەم لێكۆڵینەوەدا تەنها میتۆدی وەسفی و شیكاریم بەكارهێناوە.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە: ئەوەبوو کەس باسی ئەم بابەتەی نەکردبوو بۆیە منیش لەگەڵ شیعرەکانی ئاشنابووم و بوو بەهۆی ئەوەی لەسەر وێنەی شیعرەکانی ئەم بابەتە بنووسم.

**پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو بەش و ئەنجام و کورتەی توێژینەوەکە هەروەها کورتەی بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و لیستی سەرچاوەکان.

**بەشی یەکەم:** پێکهاتووە لە دوو تەوەرە تەوەری یەکەم وێنەی هونەری لەڕووی زاراوە و تەوەرەی دووەم وێنەی شیعری لە ڕووی چەمکەوە.

**بەشی دووەم:** لە چوار تەوەرە پێکهاتووە تەوەرەی یەکەم پوختەیەك لە ژیانی شاعیر دلاوەر قەرەداغی خراوەتەڕوو، تەوەرەی دووەم جۆرەکانی وێنەی شیعری خراوەتەڕوو، وێنەی شیعری بەپێی پێکهاتن لە وێنەی تاك و وێنەی لێکدراو وینەی گشتی، تەوەرەی سێیەم پێکهاتووە لە جۆرەکانی وێنەی شیعری بەپێی چەسپاو جوڵاو تەوەرەی چوارەمیش پێکهاتووە لە جۆرەکانی وێنەی شیعری بەپێی هەستەکان کە پێکهاتوون لە پێنج هەست (بینین، بۆنکردن، بیستن، تامکردن، دەست لێدان).

### 1- وێنەی هونەری لە ڕووی زاراوە:

لە ڕووی زمانەوە ((وێنە لە ڕەخنەی ئەوروپی دا (image)ی پێی دەوترێت کە وشەیەکی ئینگلیزی یە)) [حەسەن: 2004: 25] ئاشکراشە کە وشەی ئینگلیزی (imagination) لە وشەی (imajinoto)ی لاتینیەوە لە زمانی یۆنانی بەرامبەری (phantasia) یە [عومەر: 2012: 304]، ڕاستەوخۆ وشەی (Faucy) ئینگلیزی وەرگیراوە، کەواتە وشەی (imagination) بە مانای خەیاڵ دێت، لە یۆنانیش (phantasia) بە مانانی خەیاڵ دێت، لەبەر ئەوەی خەیاڵ ڕەگەزێکی سەرەکی شیعرە لە دروستکردنی وێنەی هونەری ڕۆڵێکی کارا دەبینێت، لە زمانی فارسید (صوره خيال) واتە وێنەی خەیاڵی بەکاردێت، لە زمانی عەرەبیشدا (صوره شعريه) یاخود (صوره فنيه) بەکاردەهێنرێت، لە زمانی کوردیشدا هەر بە هەمان شێوەی زمانی عەرەبی زیاتر (وێنەی شیعری) یاخود (وێنەی هونەری) بەکاردەهێنرێت هەندێك جاریش (وێنەی ئەدەبی) بەکاردەهێنرێت، لە فەرهەنگی (هەمبانە بۆرینە) زاراوەی وێنە بەم شێوەیە هاتووە ((وێنە، وەکو، چەشن، شکل، ئەسل)) [هەژار: 1369: 933] وێنەی شیعری وا لە خوێنەر دەکات بیرکردنەوەیەکی قوڵ و تێرمانینی فراوانی بۆ دروست بێت و هەستێکی پڕ جۆش و خرۆشی بۆ دروست بێت لەکاتی خوێندنەوەی دەقێکی شیعری.

### ١-١ وێنەی شیعری لەڕووی چەمکەوە:

هەر دەقیکی شیعری لە کۆمەڵە ڕەگەزێك پێکدێت، ئەم ڕەگەزانەش تێکەڵی یەکتر دەبن ((وێنەی شیعر ڕەگەزێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی بنیاتی هونەری)) [معروف: 2000: 133]، وێنەی شیعریش وەکو چەمك ((واتە لە شیعر و ئەدەب دا بەگشتی شتی نامۆ وەرناگیرێت بۆ وشەی باو، بەڵکو بە پێچەوانەوە شتی ئاسایی دەگۆڕێت بۆ کاری نامۆ کاتێك لەژێر تیشکێکی نوێدا پێشکەش دەکات و دەیخاتە کایەێکی چاوەڕوان نەکراو)) [حسين: 2008: 94]. واتە ئەو شتە بنچینە شیعریانەی لە شیعردا هەنە وێنەی ئەو شتانە نین کە بونیان هەیە، بەڵکو شاعیر لە خەیاڵی خۆیدا دروستی دەکات، واتە وێنەکی شیعری ناسینی شتەکان نییە، بەڵکو تێڕوانینێکی تازەیە بۆ شتەکان ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە وێنەی هونەری یاخود وێنەی شیعری بەهای ئیستاتیکی خۆی هەبێت.

وێنەی شیعری لە سەرەتای بوونی شیعرەوە فەرامۆش نەکراوە لە شیعری شاعیرانی کورد بوونی هەبووە، ((هەروەکو دەردەکەوێت وێنەی شیعری لە شیعرەکانی کلاسیکدا خۆی لە ڕوانگەی ڕەوانبێژیدا دیوەتەوە)) [ئەمین: 2000: 1]، کەواتە وێنەی شیعری مێژوو کۆنی خۆیی لە کلاسیکدا لە ڕەوانبێژی دەبینێتەوە کە دەچنە قالبی لێکچواندن و خوازەو خواستن و درکە و ئەو وێنانەی بەر پێنج هەستەکان دەکەون.

وێنەی شیعریش بەردەوام لە گۆڕاندایە بەپێی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکە و ڕۆژگار ئەمەش دەگەڕیتەوە بۆ بەهرەمەندی شاعیر کە خاوەن باگراوندێکی ڕۆشنبیری بەرزبێت و خاوەن تاقیکردنەوەی زۆربێت و زمان زان و زۆر شارەزابێت لە بواری ئەدەبی و کەلتووری میللەتی خۆی و میللەتانی تر.

بۆیە ((تەعبیرکردن بە وێنەی شیعری، کە یەکێکە لە خاسیەتە هەرە دیارەکانی شیعری نوێی کوردی)) [کەریم: 2006: 106]، هەروەها وێنەی شیعری لە شیعری هاوچەرخیشدا زیاتر هەوڵ دەدات خۆی لە وێنەدا ببینێتەوە، ((شیعری ئازاد ئەو شیعرەیە کە دەیەوێت شیعریەت لەجیاتی ئەوەی بە قافیە دروستی بکات بە شیعرییەت دروستی دەکات یان بە وێنەی نوێ و فۆرمی تازە)) [پیرباڵ: 2005: 88]، بۆیە ئەگەر وێنە لە شیعر دەربهێنین هیچ تام و چێژ لە شیعرەکە نابینین و شیعریەت لە دەست دەدات،

چونکە هەر شاعیرێك بەچاوی خۆی وێنە دەکێشێت چەندە زوومەکەی بەهێزبێت وێنەکە لە زهنی شاعیر جوانتر و ناسکتر و چێژ بەخشتر دەبێت. ((وێنەی هونەری بریتییە لەو جوانکارییەی کە بەهۆی هۆشمەندی و زیرەکی و خەیاڵ فراوانی شاعیرەوە دروست دەبێت و شوێنی خۆی لە هزردا دەگرێ)) [ئاوارە: 2009: 58]، شاعیر دەبێ پەنا بۆ وێنەی هونەری تازە و سەرنج ڕاکێش بن ((دەبێ وێنە هونەرییەکان وێنەیەکی تازە و سەرنج ڕاکێش بن، بەشێوەیەك دەقنووس بتوانێ بە کەمترین وشە و دەستەواژە و وێنەیەکی یا چەند وێنەیەکی جوان و سەرنج ڕاکێش بەرجەستە بکات)) [موحەمەد: 2007: 115].

شاعیر کاتێك شیعر دەنووسی بۆ خوێنەری دەنووسێ، بۆیە زۆر گرنگی بە وێنەی هونەری دەدات بۆ ئەوەی بیرۆکەیەك لەناو مێشکی خوێنەر بچەسپێنێت ئەگەر وانەبێت چ جیاوازی لە نێوان قسەی ئاسایی و شیعر دەبێت تەنها وێنەی شیعری لێکیان جیا دەکاتەوە، ((چونکە پرۆسەی داهێنانی شیعری پێ کامڵ دەبێت)) [عەلی: 2007: 168]، ڕەخنەگرانی بواری ئەدەبی گرنگی زۆریان بە وێنە داوە، چونکە ((وێنە هۆیەکە بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی هۆنراوە)) [محمود: 2006: 160]، هەروەها بۆ ((پێوانە و هەڵسەنگاندنی هۆنراوە دوو سەرەیە، یەکێکیان بەرزی ناوەرۆکە، ئەوەی تریان جوانی وێنەی هونەری و جوانی دەربڕینە، نرخ و پایەی هۆنراوەکەش هەر لەم دوو ڕەگەزەدا کۆدەبنەوە)). [گەردی: 1974: 91 ـ 92]، هەر لەم بارەش کە وێنە دەخوازرێت و خوازەکانیش ئەو واتایانەی هەستیان پێ دەکەین دەگۆڕێت بۆ وێنەی شیعری جوان بۆیە هیوم دەڵێت: ((شیعر خۆی مەسەلەی وێنە و خوازەیە، خوازەش واتا هەسپێکراوەکان دەگۆڕێت بۆ وێنە)) [مستەفا: 2011: 54].

لێرەدا گرنگی وێنەی شیعری دەردەکەوێت ئەگەر وێنە لە شیعر نەبێ واتاچی ((شیعر بەبێ وێنە نووسینێکی کاڵ و بێ سوودە)) [شوانی: 2008: 51]، شاعیر یاخود ئەدیب کاتێك تەعبیر لە مەبەست و مانای ناو دڵی خۆی دەکات بۆ ئەوەی تابلۆیەکی جوان پیشانی خوێنەر بدات پێویستی بە وێنەی جوانە ((ئەدیب کاتێ دەیەوێ گوزارشت لە مەبەست و مانای نێو دڵی بکات بە شێوازێکی زۆرجوان وەکو تابلۆیەکی ناسك و نایاب نیشانی دەدات)) [مستەفا گەردی: 2013: 153].

**٢- پوختەیەك لە ژیانی دلاوەر قەرەداغی**

دلاوەر قەرەداغی لە ساڵی 1963 لە سلێمانی لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی هەر لە سلێمانی تەواوکردووە، دواتر چۆتە (بەغدا) بۆ تەواوکردنی (ئەکادیمیای هونەرەجوانەکان ـ بەشی شانۆ)، لە ساڵی 1986 بەسەرکەوتوویی تەواوی کردووە. [قەرەداغی: 2014: پەیوەندی].

لە ساڵی 1982 یەکەم بابەتی وەرگێڕانی لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکردۆتەوە، وە لە بواری شانۆشدا دەورێکی باڵای هەبووە و بەشداری لە شانۆ کردووە، ئەمە جگە لەوەی لە بواری شیعردا توانیویەتی ڕێشمەی ئەسپە سەر شێتەکەی شیعر بگرێ و بۆ گشت لایەنەکانی ئەم گەردوونەی کێش بکات و لەهەر کوێیەك بیەوێ هەڵوەستە بکات و بوەستێ و لە کوێش بیەوێ خێراتر و خۆش ڕەوتربێ.

هەرچەندە ئەزموونی شیعری دلاوەر لە هەشتاکانەوە دەستی پێکردووە، بەڵام بەهەر هۆیەك بێ یەکەمین کۆمەڵە شیعری لە ساڵی 1992 بەناوی (پەیکەرێك لە باران) بڵاوکردۆتەوە، تا ئێستا زیاتر لە (9) کۆمەڵە شیعر و وە کۆی نووسینەکانیشی بڵاوکردۆتەوە بەناوی (جادەی مێخەك ڕێژ) [ئامێدیان: 2009: 233].

بەهۆی ئەو سیحرەی لە شیعرە ناسك و پڕ سۆزەکانی دلاوەر هەیە و بەدی دەکرێ بۆیە ڕۆشەنبیران هەوڵیان داوە جیهانیش لەم سیحر و سۆزو ئیستاتیکییەی دلاوەر بێ بەش نەبن، هەر بۆیە بەشێك لە شیعرەکانی وەرگێڕدراون بۆ زمانەکانی (فەرەنسی ـ ئینگلیزی ـ فارسی ـ عەرەبی ـ سویدی)، چونکە شیعرەکانی شاعیر مرۆڤایەتی بوونیان پێوە دیارە و خزمەت بە هەبوونی مرۆڤ و سەربەستی و ئازادی دەکەن، ئازادیەك کە دوور لە شەڕو وێرانکاری و قین و تووڕەیی و بێزاری و پەستی و تەنیایی مرۆڤەکان کە بە دەستی مرۆڤەکان خۆیانەوەیە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە شیعرەکانی ڕوودەچنە ناو جوانی و پەنهایەکانی سروشت، شاعیر و ڕوناکبیرو لێکۆڵەر وەنەبێ هەر لە بوارێك خزمەتی کورد و زمان و ئەدەبی کوردی کردبێ ئەوەتا بۆ دەوڵەمەندبوونی ڕۆشنبیری کوردی و تاکی کورد و کتێبخانەی کوردی دەستی داوەتە وەرگێڕانی کتێبە بەهێز و پێزەکانی زمانی بیانی، تا ئێستا نزیکەی (35) کتێبی وەرگێڕانی هەیە بۆ سەر زمانی دایك لە بوارەکانی (ڕۆمان و بیرەوەرینامە) لەبارەی زمانی شیعرەکانیەوە، شاعیر زۆر گرنگی بەلایەنی زمان داوە، بە ڕادەیەك تەڕو ناسکن و بە زمانێکی پاراو و سادە نووسراون، کە هەموو کەس لێیان تێ دەگات، بەڵام وەنەبێ ئەم سادەییەی کاری لە چێژی دەقەکە کردبێ، بەڵکو هەر ئەو سادەییە کە شێوازێکی تایبەت و جیاکراوەی داوە بە شاعیر ئەوەش هەر لەخۆوە وەکو دۆمەلان هەڵنەتۆقیوە و دروست نەبووە، ئەوەتا خۆی ئاماژەی پێدەکات و دەڵێ:

(هەر لە منداڵییەوە حەزو خولیام لە ئەدەب بووە) و یەکەم کتێبیش کە خوێندوویەتی بەرهەمی (فەقێ ئەحمەدی دارە شمانەیە)، ئەمەش خۆ لەناو ئەم کتێبە جۆرە خولیایەك بە سیحرو پاڵەوانیەتی و خەیاڵاتی تێدایە بۆیە تام و چێژی لەم خوێندنەوانە وەرگرتووە زمانی نووسینەکانیشی ئەفراندنی پێ کردووە.

ئەوەی شیعری دلاوەر جیادەکاتەوە لە هاوڕێکانی و شاعیرانی سەردەمی کە سەردەمی شیعری هاوچەرخی کوردی بوو سەرەتایی مەدرەسەی هەولێری یاخود ڕاستر کۆمەڵەی (پیشرەویەکان) بوو کە پێیان دەگوتن (طلیعیەکان) شاعیر زۆر سوود لە کەرەستەو شتە لەبیرکراوەکان شتە فەرامۆشکراوەکان وەردەگرێت و وێنەیەکی شیعری جوان دروست دەکات و گفتوگۆ و هێنانە دەنگی بچووکترین دروستکراو مەخلوق دروست دەکات. [قەرەداغی: 2013: 16].

شاعیر ساڵانێك لە تاراوگە ژیاوە، ئەمەش کاری لێکردووە و توانیویەتی پەرە زیاتر بە ڕۆشنبیری خۆی و زمانزانی خۆی بدات، ئەمە جگە لەوەی هەوڵیداوە سوود لە تەکنیکە نوێیەکانی (تەکنیکی سەردەم) ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی وەرگرێ و ببێتە هەوێنی چەندان دەقی تەڕو ناسك کە پێشکەش بە خوێنەری شیعری بکات، ناسکییەك کە پەڕەی گوڵ شەرمی لێ دەکا و بەخیلی پێدەبا، تەڕیەکیش کە هەمیشە هەوڵدەدات بەرەو بەفرو زستان کێشمان بکات و لەوێوە بەناو دیمەن و وێنەکانی سروشت دەستمان بگرێ و نیشانمان بدا، ئەو وێنانەی کە من و تۆ لە تاوی ساردی و سڕی هەستی پێناکەین و بەسەری بازدەدەین.

وێنەیەك وەکو گیانێکی نەمری بە بەردا دەکرێ و تازە لەو دیو سنووری خەیاڵ و سنوورەکانی حەقیقەت گەڕاوەتەوە، وێنەیەك ڕامان دەگرێ و بە زۆری خۆی لە دیواری دڵمان دەسوێ بێ ئەوەی کە خۆمان بمانەوێ یان بۆی بوەستین و ڕەنگی نوێ و دەنگی نوێ دەدات بە ژینێکی تاڵ و وەکو تاڵییەکانی غوربەت و خەمەکانی گەورەیەك بۆ گەڕانەوەی منداڵی.

هەروەکو بەر لە ئێستا باس لە بەرهەمەکانی شاعیر و وەرگێڕ کرا، بۆیە لێرەدا دەیانخەینەڕوو:

**أـ بەرهەم و کتێبە شیعرییەکان:**

((1ـ پەیکەرێك لە باران...، 1992.

2ـ تەیرەکانی ئیسماعیل...، 1996.

3ـ ماڵێك لەناو زەریا... ماڵێك لە تەنیشت بیابان...، 2004.

4ـ مەلەك ڕەیحان...، 2005.

5ـ ڕەنگی خۆڵ (لەگەڵ نەزەند بەگیخانی)...، 2005.

6ـ پاییزانە...، 2006.

7ـ من لە شارێکی زۆر دوورم...، 2008.

8ـ گەڕەکی شاعیران...، 2010.

9ـ لەگەڵ تەما دیار نیم...، 2013.

**ب ـ بەرهەمە وەرگێڕانەکانی بۆ زمانی دایك (کوردی):**

1ـ گوڵزین و کەوش سوور... عەلی ئەشرەف دەروێشان...، 1992.

2ـ درەختەکان و تێرۆری مەرزووق... عبدالرحمن موتیف...، 1997.

3ـ زستانە ئەرخەوان... گوڵی تەرەقی...، 1998.

4ـ ماڵێك لە ئاسمان... گوڵی تەرەقی...، 2000.

5ـ هەرە ئازیزترین خوشك... ئەسترید لیندگرین...، 2002.

6ـ ڕاپۆرت بۆ گریگۆ... نیکۆس کازانتزاکیس... چاپی یەکەم...، 2004.

7ـ نابیناکان... میتەرلینگ... 2004.

8ـ فرانسیسکۆس قەدیسی من... نیکۆس کازانتزاکیس...، 2005.

9ـ پەپوولە سپییەکان (مناڵان)... کازاکۆتاکیدا...، 2005.

10ـ شێرە بچکۆڵە (مناڵان)... کازاکوتاکیدا...، 2005.

11ـ من نارۆم و نامەوێ بنووم (مناڵان)... کەسترید لیندگرین... 2006.

12ـ چرای ئەفسووناوی... ئینگمار بێرگمان... 2006.

13ـ کارەکەرەکان (شانۆنامە)... ژان ژێنێ...، 2006.

14ـ گەشتی هەشتەمی سندباد (شانۆنامە)... بەهرامی بەیزایی...، 2007.

15ـ دوو دونیا... گوڵی تەرەقی...، 2007.

16ـ جێگەیەکی تر... گوڵی تەرەقی...، 2007.

17ـ ژ ستاتە ئەرخەوان.. گوڵی تەرەقی... چاپی دووەم...، 2007.

18ـ شەڕ (شانۆنامە)... لاش نۆردین...، 2008.

19ـ پەرچوو (شانۆنامە)... لاش نۆردین...، 2008.

20ـ ڕاپۆرت بۆ گریگۆ... نیکۆس کازانتزاکیس... چاپی دووەم...، 2008.

21ـ خەونە نمایشێك (شانۆنامە)... ستریند بێری...، 2009.

22ـ ئاوی وەستاو (شانۆنامە)... لاش نۆردین...، 2009.

23ـ دکتور گلاس... یلماز سۆدێر باری...، 2010.

24ـ منیش چی گیڤارام... گوڵی تەرەقی...، 2011.

25ـ ژنێك بۆ خۆشویستن... کالیفا تیدیس...، 2012.

26ـ تەنیایەکی پڕ هەراو زەنا... هرابلی...، 2012.

27ـ ئێمە پارە نادەین... پارە نادەین... داریوفو...، 2013.

28ـ نیلوفەری شین...، 2013.

29ـ زستانێکی درێژ... کولم توبێن...، 2013.

30ـ فرانسیسکۆس قەدیسی من... نیکوکازانتزاکیس... چاپی دووەم...، 2013)) [قەرەداغی: 2013: 403 ـ 305].

**٢-٢ جۆرەکانی وێنەی شیعری**

لێکۆڵەرەوان وێنەی جۆراوجۆریان باسکردووە، بەڵام ئێمە بەپێی توێژینەوەکەمان باس لەم جۆرانەی خوارەوە دەکەین:

**1ـ وێنەی شیعری بەپێی پێکهاتن:**

**أـ وێنەی تاك:**

وێنەی تاك بچووکترین وێنەیە کە خۆی تەنیا لەیەك وێنەدا دەبینێتەوە، وێنەی تاك لە شیعردا ئاسانترین پێکهاتەی وێنەگرتنی شیعرییە ((وێنەی تاك لەڕووی پێکهاتنەوە وێنەیەکی چالاکە، لە ڕێگای شیکردنەوەی وێنەی تاکەکانەوە مەبەستی وێنە ئاڵۆزەکان ڕوون دەبنەوە)) [محمود: 2006: 114]، هەروەها شاکارترین وێنەی شیعرییە لەڕووی پێکهاتنەوە بەچەند شێوازێك دروست دەکرێت، ئێمەش سوودمان لە شێوازی بەکەس کردن و لێکچواندن بینیوە، قەرەداغی لە شیعری (شار)دا دەڵێت:

بە گشتی شار جوانە
شار ترسناکە
شار لەخۆ بایی یە
شار دڵڕەقە
شار قەرەباڵغە
شار فریای زۆر شت ناکەوێ

[قەرەداغی: 2006: 33].

ئەم وێنەیە بەچەند سیفەتێك لە شێوازی بەکەس کردن دروستکراوە، لەوانە (جوانی، ترسناك، لەخۆبایی، دڵڕەق، قەرەباڵغ) شاعیر ئەم سیفەتانەی بەشار بەخشیوە کە تایبەتن بە مرۆڤ، کەواتە چەند وێنەیەکی تاك لەسەر بنەمای بەکەس کردن دروست کردووە لە شیعرێکی تریدا قەرەداغی (لەچاو تروکانێکا سەری وڵاتم سپی بوو) دەڵێت:

وەك هەڵەبجەی ناو گۆرانییەکان
وەك هەڵەبجەی ڕەش داگەڕاو و قژ بژی
بەردەم مەغازەو تەرمیناڵ و نەخۆشخانەکان

[قەرەداغی: 2005: 114]

شاعیر لەم کۆپلە شیعرەدا سوودی لە لێکچواندن بینیوە، وێنەی تاکی لێ بەرهەم هێناوە باسی هەڵەبجە دەکات وەکو کەسێك لەو پەڕی نەخۆشی و خراپی و بێزاری، لە ڕێگەی ئەو سیفەتانەی کە هەڵەبجە ڕەش داگەڕاوە و قژی تێك ئاڵاوە.

لەوچوو : مرۆڤەکان

لێچوو  : هەڵەبجە

ئەوزار  : وەك

ڕووی لێکچواندن : لە داماوی و سەرلێشێواوی لێ کراوی.

**ب ـ وێنەی لێکدراو:**

وێنەی لێکدراو لە دوو وێنەی تاك یاخود کۆمەڵە وێنەیەك بەسەریەکەوە وێنەیەکی گەورەتر پیشان دەدەن، وێنەی لێکدراو ((بریتی یە لە دوو وێنەی تاك یان کۆمەڵە وێنەیەك بەسەر یەکەوە تێکەڵ دەبن و یەکێکی گەورەتر پیشان دەدەن وێنەکان بەشێوەیەکی گشتی وا تێکەڵ بەیەکدی دەبن سایەو سێبەریان بەسەر یەکدا دێنەوە چەند دیمەنێکمان پیشان دەدات)) [عیسی: 2009: 99 ـ 100].

قەرەداغی لە شیعری (زەریا من قسەیەکم هەیە) دەڵێت:

زەریا... من وەك مێژووی تۆ ڕووتم
من وەك ئەو نامانە تەڕم کە وەرز نا وەرزێك
بە مەلەوانە پیرەکانا ڕەوانەیان دەکەیتەوە بۆ ئێمە
منیش وەك تۆ قسەیەکم هەیە

[قەرەداغی: 2006: 65 ـ 66].

لەم کۆپلە شیعرە شاعیر خۆی بەسێ شت چواندووە:

لێ چوو : من شاعیر

لەوچوو : زەریا

ڕووی لێکچواندن : (ڕووتم، تەڕم، قسەم هەیە)

ئەوزار : وەك

واتە لێرە شاعیر یەك شتی بەسێ شت چواندووە ئەمەش پێی دەگوترێت لێکچواندنی لێکدراو.

لە شیعرێکی تردا لەسەر وێنەی لێکدراو شاعیر لە شیعری (ماندێلا)دا دەڵێت:

کەس نی یە بۆنی وەك بۆنی ماندێلا خۆش بێ
ماندێلا وەك ساوایی تازە لە دایك بوو
بۆنی تاریکی و
بۆنی شێ زیندانی لێدێ

[قەرەداغی: 2008: 67].

لەم شیعرەدا شاعیر بەهۆی شێوازی لێکچواندنەوە کۆمەڵێ وێنەی جوانی خستۆتە پاڵ یەکتر (ماندێلا)ی بە بۆن خۆشی وەسف کردووە، کە هەموو کەس حەزی لە بۆنی خۆشە و جارێکی تر (ماندێلا)ی بە منداڵی ساوا چواندووە کە منداڵی ساوا چەند خۆشەویستە، هەروەها شاعیر بۆنی تاریکی و شێی زیندان کە ئەم کەڵە پیاوە نزیکەی 27 ساڵ لە زیندان لە پێناو مەسەلەیەکی مرۆڤایەتی و ئازادی بۆ نیشتمانەکەی بەسەر چواندووە کە ئەمە دەردو چەرمە سەری ئەم پیاوە بووە هاتووە چەند وێنەیەکی تاك بە وێنەیەکی لێکدراوی پڕ واتا پێشکەش کردووە.

ج ـ وێنەی گشتی:

وێنەی گشت لە چەندین وێنەی تاك و لێکدراو پێکهاتووە ((وێنەی گشتی لە کۆمەڵە وێنەیەکی تاك پێکدێت کە لە دەوری تەوەرێکی شیعری و بیری دا دەسووڕێتەوە)) [گەردی: 2004: 154].

شاعیر لە شیعری (پیاوێك بەڕێوەیە بێت) دەڵێت:

پیاوێك بەڕێوەیە بێت
پیاوێکی سامناك
پیاوێکی تاریك
پیاوێکی ترسناك

[قەرەداغی: 2006: 113 ـ 114].

مەبەستی شاعیر لەم کۆپلە شیعرە ئەوەیە کە پیاوێك بەڕێگایەوەیە دێت دیار نییە لەڕواڵەتدا سامناکە لە ڕەنگدا تاریکە و لە هەڵسوکەوتدا ترسناکە لەم سێ سیفەتەدا وێنەیەکی گشتی دروست کردووە.

شاعیر لە وێنەیەکی تردا لەسەر وێنەی گشتی لە شیعری (منداڵی کە لە دڵی هاتەوە وایگووت) دەڵێت:

ئەنفال لە ڕێگای چوونە ژووواندا ڕایگرتین
گیرفانمان گەڕا، نامەکانی دڕاند، وێنەکانی سوتاند
گۆرانییەکانی لەسەر دەنگمان کڵۆم دا

[قەرەداغی: 2005: 17].

لەم کۆپلە شیعرەدا شاعیر ئەنفالی لە وێنەکدا کێشاوە، کە وەکو کەسێکی ڕێگر خۆی لە کەمین داناوە و لە بۆسەی ژیان ڕێگری لە جوانییەکانی ژیان دەکات کەسەکانیان پشکنیوە و نامەکانیان دڕاندووە و وێنەکانیشیان سووتاندووە، مەبەستی شاعیر لەوەدایە کە ژیان بەخۆشەویستییەوە خۆشە، بەڵام ئەنفال چییەکان خاپووریان کردووە.

لە کۆپلەی دووەمدا دەڵێت:

ئەنفال بەیانی باش مەکتەب و
ئێوارە باش گەڕەك و
شەوباش ماڵە لۆکەیەکانی دزی

لەم کۆپلەشدا شاعیر باسی جوانییەکانی بەیانی باشی مەکتەب و ئێوارەباشی ناو گەڕەك و شەوباشی شەوانەی ماڵان لەنێو برد بەهۆی ئەنفال.

هەروەها شاعیر لە کۆپلەی سێیەم بەرفراوانتر بەرجەستە دەکات و دەڵێ:

ئەنفال ناوەخت خۆی کرد بە ژووردا
ئێمە نانمان دەخوارد
خوانێك لە خۆشەویستی کۆی کردبوونەوە

لێرەدا شاعیر زۆر ناخ هەژێن باس لە ئەنفال چییەکان دەکات و لە کاتێکی ناوەختدا خۆیان بەژووردا کێشاوە و نانیشان لێ کردوون بە ژەهر و کە لەسەر خوانێکی پڕ خۆشەویستی کۆببوونەوە لێرە شاعیر لە کۆی ئەم کۆپلە شیعرانەدا وێنەیەکی گشتی شیعری دروستکردووە.

### ٢-٣ جۆرەکانی وێنەی شیعریی بەپێی چەسپاو جوڵاو

**أ ـ وێنەی چەسپاو:**

وێنەی چەسپاو تەنها یەك دیمەن پیشان دەدات، گۆڕانی بەردەوامی تێدا نییە لە ئاستێك کە کۆتایی بە ڕووداوەکە هاتووە، ((ئەم جۆرە وێنەیە لەیەك تابلۆدا دەکێشرێ و دەتوانین بە کامیرای ئاسایی بیگرین و دەبێتە یەك وێنەی فۆتۆگرافی، چونکە لەیەك شوێن و لەیەك باردایە، جوڵە و گۆڕانی دیمەنی تێدا نییە)) [شارەزا: 1997: 11]، لە کۆتا وێستگەی کردارەکە پیشان دەدات.

شاعیر لە شیعری (ماڵێك لەناو ماڵێك لە تەنیشت بیابان) دەڵێت:

لە دڵەوە پێکەنیم
گرەوم لەسەر خواردنی سێوەکان نەکرد
بەخیلیشم بەو هەنارانە نەبرد

[قەرەداغی: 2005: 120]

لەم کۆپلە شیعرە کە وێنەکە چەسپاوە و گۆڕانی بەردەوامی تێدا نییە، بۆیە لە شێوەی تابلۆیەکی چەسپاودایە، کردارەکانی ناو شیعرەکە بەردەوامی و جوڵان نابەخشن، چونکە کارەکانی (نەکرد، نەبرد) کۆتایی پێهاتووە، بۆیە وێنەکە وێنەیەکی چەسپاوە.

لە شیعری (کۆڤان)دا شاعیر دەڵێت:

کۆڤان بەیانیە لەخەو هەستاو
بەیانی باشی لە کەس نەکرد
کۆڤان ئیتر بەهیچ زوبانێك نادوێ
کۆڤان ئیتر هیچ جلێك ناپۆشێ
کۆڤان ئیتر لەسەر هیچ کەس ناکاتەوە
کۆڤان ئیتر لەگەڵ هیچ کەس ئاشت نابێتەوە

[قەرەداغی: 2006: 58].

ئەو کارە نەرێنیانە لە کۆپلەکە هەن (نەکرد، نادوێ، ناپۆشێ، ناکاتەوە، نابێتەوە) بارێکی چەسپاو و نەگۆڕیان داوە بە دەقەکە، کارەکانیش کە نەرێنین ڕابردوون و کۆتاییان هاتووە.

**ب ـ وێنەی جوڵاو:**

وێنەی جوڵاو پێچەوانەی وێنەی چەسپاوە بەردەوامی و جموجۆڵ پیشان دەدات ((جوڵە بریتییە لە کارلێکردن و وەڵام دانەوە لە نێوان شتێك و دژەکەیدا، بەبێ دژ هیچ جوڵەیەك بوونی نییە، دژیش بەرامبەر بە ڕەنگدانەوەی پێچەوانەی شتە یان ئەو فرمانەی کە هەیە بۆیە دژایەتی لەناو وێنەی شیعریدا شتێکی نەك نییە، بەڵکو پێویستە))[جاسم: 1970: 29].

قەرەداغی لە شیعری (کۆڵان)دا دەڵێت:

بە دوو سێ پسکێتی زەرد

فریوی بداو
لەگەڵ خۆیدا بیبا
دەڵێی خەون دەبینم

[قەرەداغی: 2004: 115].

شاعیر لەم کۆپلە شیعرە بە وشەکانی (فریوی بداو، بیبا) توانیویەتی وێنەیەکی جوڵاو بە شیعرەکە بدا.

هەروەها شاعیر لە شیعری (من لە باخچەدا پیر دەبم)دا دەڵێت:

شتێك وەك کتێب کە بکری بیخوینینەوە
شتێك وەك نامەکە بتوانرێ بینووسین
شتێك وەك هەکایەت کە بوار هەبێت بیگێڕینەوە
شتێك وەك وێنە کە بدوێ خۆمان بە سەیرکردنەوە بخلافێنین

[قەرەداغی: 2005: 300].

شاعیر لەم شیعرەدا بەهۆی وێنەی لێکچواندنەوە توانیویەتی وێنەیەکی جوڵاو دروست بکات، کارەکانی وێنەکەش هەموویان کە ڕانەبردوون جوڵەیان هەیە و جموجۆڵ بە وێنەکە دەبەخشن.

1. **تەوەرەی چوارەم: جۆرەکانی وێنەی شیعری بەپێی هەستەکان**

کاتێك باسی وێنەی شیعری دەکەین لە ڕیگای هەستەکانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کەوا زۆربەی شیعرەکان لەڕێگەی پێنج هەستەکانی مرۆڤ کە خۆیان لە (بینین و، بیستن، بۆنکردن و، چێژ و دەست لێدان) دەبینرێن و شاعیر دەیانکاتە جوانترین وێنەی شیعری، بەڵام ئەگەر سەیری ئەم پێنج هەستە بکەین ڕەنگە هەموویان وەکو یەك نەبن لەلای شاعیر، بەڵکو ڕێژەیی بێت، چونکە ئەگەر شاعیر بەچاوی خۆی ڕووداوەکان ببینێ ڕەنگە بیرۆکەی شیعرەکەی و وێنەکەی زۆر جوانتربێت لە بیستنی هەواڵێك، بەڵام دیسان هەستەکانی تریش بایەخ و گرنگی خۆیان هەیە هەر لە کۆنەوە شاعیران زۆر هەستیاربوونە بە ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆیان بۆیە ڤالێری دەڵێت: ((هیچ ماناو فیکرەیەك نییە، بەرهەمی وێنەیەکی هەستپێکراو نەبێت)) [محمد: 2008: 165].

**أ ـ هەستی بینین:**

وێنەی هەستی بینین وەکو لە پێشتر ئیشارەتمان بۆدا لە هەموو وێنەکان بایەخ و گرنگی زیاترە، چونکە ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی بینینی چاو ڕووداوەکان دەگوازرێتەوە بۆ مێشك لەوێش گەڵاڵەی بیرۆکەکە دەکرێت و واتاو وشەی ڕازاوەی لە وێنەیەکی هونەری جوان دادەڕێژرێت ((زۆربەی ستەمەتریالییەکانی گەردوون بەچاو دەبینرێت، بۆیە وێنەی هەستی بینین بە دایکی هەستەکان دادەنرێت، وێنەی هەستی بینین، ڕەنگ و درەوشانەوە و دوورو نزیکی شتە بەرچاوەکان دەگرێتەوە)) [عومەر: 2009: 156 ـ 157].

شاعیر لە شیعری (زەریا من قسەیەکم هەیە)دا دەڵێت:

سپی وەك یەکەمین ئەزموون
سوور وەك یەکەمین بۆن کردنی گوڵ
شەرمن وەك یەکەمین خۆکردن بە باخچەیەکدا
مناڵ وەك یەکەمین ناسینی ترو
ڕووت هەروەك یەکەمین مردن

[قەرەداغی: 2006: 71]

وێنەکە وێنەیەکی هەستی بینینە کە لەسەر بنەمای لێکچواندن بنیات نراوە هەستی بۆنکردنیشی تێدایە، هەروەها زۆربەی وێنەکانی (سپی و سوور و، مناڵ، ڕووت) بەر هەستی بینین دەکەون.

لە شیعری (خودایە ئەو بەردانە بکەوە بە کۆتر)دا شاعیر دەڵێت:

دەستی بگرن
بە سەدریەکی ڕەش و
قردێلەیەکی سپی و
جوتێك گۆرەوی سوور و

[قەرەداغی: 2008: 18].

**ب ـ هەستی بۆنکردن:**

ئەم هەستەش یەکێکە لە هەستە گرنگەکانی مرۆڤ ((هەندێ وێنەی شیعری هەیە بەرهەستی بۆنکردن دەکەون، لە وەسف و لەیەك چواندنەکاندا بەدەر دەکەون)) [عیسا: 2009: 186].

شاعیر لە ڕێگەی ئەم هەستە کە لە ڕێگای بۆنکردن دەچێتە دونیای خەیاڵات و وشە و ڕستەی جوان بۆ ئەو بۆنە دەدۆزێتەوە کە کردوویەتی و جوانترین وێنەی شیعری لێ دروست دەکات.

شاعیر لە شیعری (کەلار)دا دەڵێت:

عەترەکەی نیشتمان بدەنەوە
عەترێك بۆنی لە بۆنی پاییز دەچوو
بۆنی لاشێکی خەتکوژانەوە و
بۆنی سێو

[قەرەداغی: 2006: 26].

شاعیر وێنەیەکی هەستی بۆنکردنی جوانی دروستکردووە کە شاعیر داوای دانەوەی بۆنی نیشتمانەکەی دەکات کە لێیان بڕیوە، هەروەها شاعیر سوودی لە لێکچواندن وەرگرتووە، کە بۆنی نیشتمانی بە بۆنی لاستیك و سێو دەچوێنێ هەروەها شاعیر لە شیعری (ماندێلا)دا دەڵێت:

کەس نی یە بۆنی وەك بۆنی ماندێلا خۆش بێ
ماندێلا وەك ساوای تازە لە دایك بوو بۆنی تاریکی و
بۆنی شێ ی زیندانی لێدێ

[قەرەداغی: 2008: 68].

شاعیر لەم شیعرە لەسەر بنەمانی لێکچواندن ئەم وێنەیەی دروستکردووە کە بەر هەستی بۆنکردن دەکەوێتە واتە بۆنی ماندێلا بە بۆنی منداڵی تازە لەدایك بوو شێ ی زیندان دەچوێنێ.

**ج ـ هەستی بیستن:**

وێنەی هەستی بیستن کەمتر لە هەستەکانی تر کاریگەرترە، چونکە هەندێ جار لە ڕێگای گێڕانەوەی ڕووداوێك ئەم جۆرە وێنەیە دروست دەبێت ((هەر وێنەیەکی شیعری لەسەر بنەمای دەنگ یان ئاواز یان مۆسیقا بنیات نراوە، ئەوا لە ڕێگەی هەستی بیستنەوە باشتر وەردەگیرێ و هەست بەخۆشی و جوانی وێنەکە دەکرێت)) [شارەزا: 1997: 7]. ئەم جۆرە وێنەیە لە ڕێگەی دەنگ و ئاواز دروست دەکرێن هەیانە هەواڵ و دەنگی خۆش و هەشیانە ناخۆش یاخود دەنگی مۆسیقا و دەنگی سروشت هاژەی باو باران و کڕێوە و دەنگی هەموو گیاندارەکان.

شاعیر لە شیعری (غەدر)دا دەڵێت:

پڕ پڕ بێ لە لێزمەی هەنسك و
پڕ پڕ بێ لە هاژەی چاك و چۆنی
پڕ پڕ بێ لە لەرەی دەنگی مناڵانی
نێرگز فرۆش

[قەرەداغی: 2004: 65].

لەم کۆپلە شیعرە وشەکانی (لێزمەو، هاژەو، لەرەلەر) بەرهەستی شاعیر کەوتوون و وێنەی بیستنی لێ دروست کردووە.

هەروەها شاعیر لە شیعری (داد گوڵی ـ لە باخانم نەماوی)دا دەڵێت:

گڤەی دێ لە ڕەنگ و
قوڵپ دەدا لە گوتن
پێدەچێ ئەو خەڵکە هەر ئێستا
بەدەم مردنەوە کەوتبنە گۆرانی

[قەرەداغی: 2005: 65].

لەم کۆپلە شاعیر هەریەك لە وشەکانی (گڤە، قوڵپ، گۆرانی) بەرهەستی بیستنی شاعیر کەوتوون و وێنەیەکی جوانی هەست بیستنی لێ دروست کردووە.

**د ـ هەستی تامکردن:**

هەستی تامکردن یاخود چەشتن شاعیر دەتوانێ وێنەیەکی جوانی لێ بخولقێنێ بەهۆی تامکردن، چونکە یەکێکە لە حەزەکانی مرۆڤ خۆشی بە جەستەی مرۆڤ دەدات شتێ پێ هەڵدەسەنگێنرێ لە تامی خۆش و ناخۆش ((هەست چەشتن (تامکردن) ئەو هەستەیە کە شیرینی و تاڵی و سوێری و ترشی و تامە جۆر بەجۆرەکانی میوە و خواردەمەنی دەگرێتەوە)) [عیسا: 2009: 187]، شاعیر لە ڕێگەی ئەم تامکردنانە دەتوانێ سوود لە وێنەی هونەری جوان ببینێت.

شاعیر لە شیعری (ڕاکردن بەناو سێبەردا) دەڵێت:

قسەیەکی شیرین
قسەیەکی کە منداڵەکی شەرمن
منداڵێك کە هەمیشە لە دەربی ماڵداریدا
نووقڵێکی ترش و شیرینی
وا لە دەمدایە

[قەرەداغی: 2004: 53].

شاعیر بە هەریەك لە وشەکانی (ترش و شیرین) کە بەر هەستی تامکردن دەکەون وێنەیەکی جوانی بنیات ناوە.
هەروەها شاعیر لە شیعری (لە نوێژەکانتا دوعام بۆ بکە)دا دەڵێت:

شەومان بەسەر داهات
دوعایەك بکە پڕبێت لە تامی مزرە سێو
لە ترپەی دڵی ترێ هەناسەیەك هەڵکێشە
شەلال بێت لەها لادی بۆنی بەهی

[قەرەداغی: 2006: 103].

لەم کۆپلە شیعرەدا شاعیر لە وشەی (مزرە سێو) وێنەیەکی تامکردنی بنیات ناوە، هەروەها وێنەی بۆنکردن و بیستنیشی تێدایە، بەڵام زیاتر بەر وێنەی تامکردن دەکەوێ.

**ج ـ هەستی دەست لێدان:**

ئەم جۆرە وێنانە بە ڕێگای بەرکەوتن یاخود دەست لێدان لە نێوان دوو شت دروست دەبێت ((ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە نەرمی و ڕەقی و زبری و ساردی و گەرمی دەنوێنن وە بە دەست لێدان هەستیان پێ دەکەین)) [عیسا: 2009: 185].
شاعیر لە شیعری (ناودا) دەڵێت:

بۆنی هەنجیر لە هەناسەیا وەدێ
بە بەرچاومانەوە لای سارد و سڕی
زستانە گوناهەکان
لە زەریادا دەنێژن

[قەرەداغی: 2005: 38].

لەم کۆپلە شیعرەدا شاعیر وشەکانی (سارد، سڕ) بەرهەستی دەست لێدان دەکەون، هەروەها شاعیر زۆر هونەریانە هەستێکی تریش بەکاردەهێنێ کە هەستی بۆنە، بەڵام مەبەستی شاعیر زیاتر ڕەنگە لێو ماچ کردن بێت لەم حاڵەتەشدا هەم هەستی بۆن و هەم هەستی تامکردن و هەم هەستی لێخشاندن دروست دەبێت کە ئەوەی دواییان باڵی بەسەر وێنەکانی تر کێشاوە.
هەروەها شاعیر لە شیعری (من لە شارێکی زۆر دوورم)دا دەڵێت:

من لە شارێکی زۆر دورم
بەیانییە سارد
کە دڵ خەریکە دیبەستێ
گالیسکەیەك کە چوار ئاسکی غەمبار
ڕایدەکێشن

[قەرەداغی: 2008: 95].

شاعیر لەم کۆپلە شیعرە بە وشەکانی (سارد، بەستن) کە وێنەیەکی جوانی هەستی دەست لیدانی دروستکردووە.

**٣- ئەنجام**

1ـ وێنەی شیعری لە بنیاتنانی شیعری کوردی بە گشتی و شیعری نوێخوازی کوردی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو کە دلاوەر قەرەداغی لە ژێر چەتری وێنەی هونەری ڕۆڵێکی باشی بینیوە تێکەڵ بە خەیاڵاتی خۆی کردووە و توانیویەتی سەرنجی خوێنەر بۆخۆی ڕابکێشێ.

2ـ ئەگەر وێنەی شیعری یەکێك بێت لە ڕەگەزە گرنگەکانی شیعری و ئامرازی گواستنەوەی شاعیر و هۆکاری گەشەسەندنی دەقی شیعری و ترۆپی داهێنان بێت و هەروەها بەرزترین ڕۆڵی لە ناو دەقی شیعری دا بگێرێت ئەوە دلاوەر قەرەداغیش خاوە قەڵەمێکی پڕ بڕشتە کە وێنەکان ڕەنگ ڕێژ دەکات هەر وێنەیەکی بە شکڵێکی جیاواز دەنەخشێنێ.

3ـ شاعیر توانیویەتی لە شیعرەکانی وێنەی جۆراوجۆر دروست بکات، کە لە توێژینەوەکە باسمان کردووە چ وێنە لە ڕووی پێکهاتنەوە (تاك، لێکدراو، گشتی) و چ لە ڕووی چەسپاو و جوڵاو چ لە ڕووی پینج هەستەکان (بینین، تامکردن، بیستن، بۆنکردن، دەست لێدان) ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە.

4ـ دلاوەر قەرەداغی جیا لە شاعیرانی تر توانیویەتی سروشت و هەر دیمەنێکی تر بخوازێت، وەکو مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

5ـ دلاوەر قەرەداغی وەکو هەر تاکێکی کۆمەڵگەی کوردی هەستی بە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانی میللەتەکەی کردووە و ڕووداوە خوازراو و نەخوازراوەکانی میللەتەکەی لە نزیکەوە دیوەکە کاریگەری خۆیان هەبووە لەسەر شیعرەکانی وەکو ڕووداوی بەدناوی ئەنفال و کیمیاباران، هەروەها باگڕاوندی ڕۆشنبیری شاعیرانی نوێخواز هۆکارێکی ترە بۆ ئەوەی شاعیر لەناو دەقی شیعرەکانیان بەم هەموو شتانە ئاشنابن و وێنەی هونەری جوان دروست بکات.

### ٤- لیستی سەرچاوەکان:

**کتێب بەزمانی کوردی:**


1ـ پیرباڵ، د. فەرهاد (2005) شیعری نوێی کوردی (1898 ـ 1958)، هەولێر: دەزگای کوردستان.

2ـ حوسێن، جەبار ئەحمەد (2008)، ئیستاتیکایی دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق (1950 ـ 1970) سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

3ـ حوسێن، د. هیمداد (2007) ڕێبازە ئەدەبیەکان: چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ئاراس.

4ـ شوانی، ڕەفیق (2008)، کۆمەڵە وتارێکی ئەدەبی، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

5ـ عەلی، دڵشاد (2007) دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، چاپی یەکەم، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

6ـ عومەر، موحسین ئەحمەد (2012) فەرهەنگی ئەدەبی، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی حەمدی.

7ـ عیسا، هاوژین صلیوە (2009)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، چاپی یەکەم، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

8ـ عومەر، ئاسۆ (2009) ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران، چاپی یەکەم، دهۆك: چاپخانەی خانی.

9ـ قەرەداغی، دلاوەر (2004)، مەلەك ڕیحان، سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج.

10ـ قەرەداغی، دلاوەر (2005)، ماڵێك لەناو زەریا، ماڵێك لە تەنیشت بیابان، هەولێر: چاپخانەی ئاراس.

11ـ قەرەداغی، دلاوەر (2006) پایزانە، سلێمانی: چاپخانەی ڕەنگ.

12ـ قەرەداغی، دلاوەر (2008) من لە شارێکی زۆر دورم، سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج.

13ـ قەرەداغی، دلاوەر (2013)، جادەی مێخەك (كۆشیعر) بەرگەمی یەکەم، چاپی یەکەم، تاران: چاپخانەی رجابی.

14ـ قەرەداغی، دلاوەر (2013) جادەی مێخەك (كۆشیعر) بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، تارانج: چاپخانەی رجابی.

15ـ کەریم، ئازاد عبدالواحید (2006)، نوێکردنەوە لە شیعری کوردییدا لەدوای جەنگی جیهانی دووەم تا ساڵی 1970، چاپی یەکەم کەرکوك، چاپخانەی ئارانجا.

16ـ گەردی، سەردار ئەحمەد حەسەن (2004) بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

17ـ گەردی، عەزیز (1974)، ئەدەب و ڕەخنە، چاپی یەکەم، بەغداد: چاپخانەی الحوادث.

18ـ گەردی، موحسین ئەحمەد مستەفا (2013)، بەهاری ڕەوانبێژی (واتاناسی، ڕوونبێژی، جوانکاری) چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی نارین.

19ـ محمد، عبدالقهار حمە امین (2008)، بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی تیشك.

20ـ مستەفا، حەمەد فازیل (2011) دەنگی پیرەمێرد لە شیعری نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

21ـ معروف، د.کمال (2000) ڕەخنەی نوێی کوردی، سلێمانی: وەزارەتی ڕۆشنبیری ـ بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

22ـ مەحەمەد، فوئاد ڕەشید (2005) ناسنامەی دەق، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

23ـ مەحەمەد، فوئاد ڕەشید (2007) دەقی ئەدەبی (ئەدگار، چێژ، بەها)، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی دەزگای ئاراس.

24ـ هەژار، هەمبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی فارسی.

25ـ ئامێدیان، فەخرەددین (2009) لە شاخەوە تا شار، چاپی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی پەخشنگای ئازادی.


**کتێب بەزمانی عەرەبی**


26ـ جاسم، عزیز السید (1970)، دراسات نقدیە فی الادب الحدیث، بغداد: مطبعە وزارە الثقافە والاعلام.


**نامە ئەکادیمییەکان (زانکۆییەکان).**


27ـ حەمە، هیتلەر ئەحمەد (2001) وێنەی شیعری لای نالی، هەولێر: نامەی ماستەر ـ زانکۆی سەلاحەددین.

28ـ شنۆ، محەمەد (2006)، ڕۆڵی سوارەی ئیلخانی زادە لە نوێ گەری شیعری کوردیدا، کۆیە: نامەی ماستەر ـ کۆلیژی ئاداب ـ زانکۆی کۆیە.

29ـ ئەمین، عبدالقادر محمد (2000) وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانتیکی کوردیدا، نامەی ماستەر ـ زانکۆی سلێمانی.


**ڕۆژنامە و گۆڤارەکان:**


30ـ شارەزا، کەریم (1997)، وێنەی شیعری لە هۆنراوەی کوردیدا چۆن دروست دەبێ و بە چ هەستێك وەردەگیرێ، هەولێر: گۆڤاری ڕامان. ژ(9).

31ـ شارەزا، کەریم (1997)، وێنەی شیعری لە هەردوو باری چەسپاو و جوڵاو، هەولێر: گۆڤاری ڕامان، ژ(15).

32ـ مستەفا، سابیر بەکر (1999) تیراژەیەك لە سایکۆلۆژیای دەنگەکان، هەولێر: گۆڤاری ڕامان. ژ(33).

33ـ ئاوارە، موحسین (2009)، لە ژێر ساباتی شیعردا، هەولێر: گۆڤاری ڕامان. ژ(74).

**اشعار (دلاور قرداغى) تحت مظلة الصورة**

**حسين غازى كاك امين**
جامعة صلاح الدين/ كلية التربية / قسم اللغة الكوردية
Hussein.kakamin@su.edu.krd

**ملخص**

نظرا لما يتمتع به الشعراء الكرد المجددون من ثقافة واسعة (أو : متحلين بثقافة فضلا على معايشتهم هموم أمتهم و واقعهم و خاضوا معهم كل تجارب الحياة حلوها و مرها، وشاركوا أمتهم في معاناتهم و الكوارث التي حلت بهم؛ وقد أدت تلك التجارب المرة التي عاشوهاإلى جودة أشعارهم شعرهم و تجددها وواقعيتها، كما جعلهم من متفوقين في هذا المجال. وفي الوقت نفسه كان الشعراء الكورد متطلعين على جل التغييرات في عالم الشعر الخارجي، لذا حاولوا تطبيق هذه التغييرات الجمالية في بنية الشعر الكردي بحيث يرتقي بها لتنال رضا القراء والمتلقين .

لقد أبدع الشعراء الكرد عموما والقرداغي خاصة في كل مجالات الشعر، فالقرداغي استطاع أن يجد نفسه تحت مظلة أنواع الصور الشعرية، و أن يكون سباقا في قافلة التجديد في كل أنواع الصور الشعرية، لاسيما في الصورة المفردة و الصورة المركبة والصورة الساكنة والمتحركة، والصور المدركة بالحواس الخمس (البصر ، السمع، التذوق، الشم ، اللمس) وكون الصور الفنية الجمالية منها . ومن ميزاته أيضا أنه لاينظر إلى الطبيعة كما هي، ولا يتعامل معها كجماد في أشعاره وإنما عاملها معاملة الإنسان يخاطبها يتحاور معها ، يغازلها، ويتبادل معها العواطف والمشاعر.

**Delawar Qaradaghy's Poems in the lights of picture's**

**Hussein Ghazi Kak Amin**
Collge of Education / Salahaddin University-Erbil
Hussein.kakamin@su.edu.krd

**Abstract**

Actually, modern Kurdish poets have a high educational level, they lived in the reality of their nations and they faced many calamities and catastrophes as their nation. They perceived all the miserable conditions and genocide confronted Kurdish people. This has been an observable factor in their modern poetry, and they have also been aware of all the changes happened in the field of poetry in the outside world. This has given a beautiful poetic image to the structure of Kurdish poetry. That is why the readers have highly appreciated their poetry. The Kurdish poets, especially Qaradaxy, could gather various types of poetic images in his poetry, such as single, compound, general, stable, mobile images as well as the images perceived by the five senses (sight, tasting, hearing, smelling, and touching). By manipulating these nice images, this poet could make a beautiful realistic image to attract the readers' attention. Another feature of their poetry was that they didn't look at nature as it is, but as human which has been widely used in their poetry.

**Keywords:** Delawar Qaradaghy's, Poems, lights of picture's.